سەرۆك کۆمار جەخت لە پێویستی کارکردن و ڕێکخستنی هێوستەکان بە پاراستنی ئاسایشی عێراق و ئێران دەکاتەوە

ئەمە چوارشەممە، سەرۆك کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، جەختی لە پێویستی کارکردن و ڕێکخستنی هێوستەکان کردەوە بە پاراستنی ئاسایشی عێراق و ئێران.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك کۆمار لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەمە چوارشەممە عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆمار پێشوازی لە غولام حسێن موحسینی ئیژێیی سەرکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران و وەفدی یاوەری کرد، لە سەرەتای دیدارەکەدا کە لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو، موحسینی ئیژێیی سڵاوی عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆك کۆماری ئێرانی گەیاند سەرۆك کۆمار، لەبەرامبەردا سەرۆك کۆمار، سەرکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێرانی ڕاسپارد سڵاو و ڕێزی بە ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی و سەرۆك کۆماری ئێران بگەیەنێت و هیوای پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بە گەلی ئێرانیش خواست.

هەروەها سەرۆك کۆمار جەختی لە گرنگی پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکان کردەوە، بەشێوەیەك کە بەشداربێت لە پەرەپێدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئایینییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو گەلی عێراق و ئێران، هەروەك بەهێزکردنی ڕێگاکانی هاریکاری نێوان هەردوو وڵات بەتایبەتی لە بواری دادوەری و یاساییدا دوپاتکردەوە.

سەرەك کەمار ئاماژەی بە پەویستی کارکردن و ڕەکخستنی هێوەستەکانیش کرد بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەردوو وڵات و ناوچەکە، هەروەها هێوەستەکانی کەماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی عێراق لە شەڕی دژی تیرۆردا، بەرزنرخاند.

سەبارەت بە پێشهاتەکانی ناوچەکەش، سەرەك کەمار جەختیکردەوە: لەسەر گرنگی کارکردن بە کەمکردنەوەی گرژییەکان و گرتنەبەری دیالۆگی بونیادنەر بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا. لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی بە پەویستی ڕاگرتنی دەستدرێژییەکانی سەر کەرتی غەزە کرد، هەروەها دوپاتیکردەوە، کە پەویستە کەمك و پەداویستییەکان بە گەلی فەلەستین دابین بکرێن، کە ڕووبەڕووی قەزەوەنترین جۆرەکانی دەستدرێژی بوەتەوە، سەرەڕای کارکردن بە کەتاییهێنان بە ئازارە مرۆییەکانیان لەڕێگەی دەستبەرکردنی سەرجەم مافە ڕەواکانیان.

لای خۆیەوە غولام حسێن موحسینی ئیژەیی سەرکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، پشتیوانی وڵاتەکەی بە عێراق لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری دووپاتکردەوە و ئاماژەی بەوەدا، کە پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕێگ و ریشەی مێژوویی و ئایینی و شارستانییان هەیە. هەروەها باسی لە گرنگی پەرەپێدانی هاریکاری لە بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی دادوەری و یاسایی و بەپێی یاداشتی لەکتێگەیشتن، کرد.

ڕاشیگەیاند: پێگەی عێراق و ئێران لەسەرئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە چارەسەرکردنی پرسە هەنوکەییەکان کاریگەر و گرنگە، هاوکات هەوڵەکانی سەرەك کەماری لە بەهێزکردن و چەسپاندنی پێیوەندییەکانی عێراق لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرزنرخاند.